

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

# سێبەر

خودایە
حەزدەکەم تۆ هەمیشە هەتاوبیت
تا بەهۆی سێبەرەکەتەوە
مرۆڤ لە تەنهایی رزگار بکەیت

* * *

هەتاو زۆرجاران و تاوناتاوێک
لەترسی هەور خۆی وون دەکات
هەر بۆئەوەی مرۆڤی ئەم سەردەمە تێبگات
ئاسمان وێنەیەکی دەستکرد نییە وەک تێگەیشتوون

* * *

ئەی مرۆڤی راستەقینە ،
سێبەری خۆت مەگۆڕەوە بە هەموو دنیا
چونکە سێبەر هاوڕێیەکی هەمیشەییە
هەرگیز حەزناکات خۆی وون بکات
سێبەر نەقسە دەکات
نەرق و کینەو بوغز هەڵدەگرێ
نە درۆ دەکات .
نە چاڵی قۆڵیش بۆ پێیەکانی مرۆڤ
هەڵدەکەنێ

* * *

سێبەر ئاوێنەیەکی جوانە
مرۆڤ هەمووڕۆژێ خۆی تێدا دەبینێ و
زۆرجارانیش خۆی حەشاردەدات
بەڵام قاقا و پێکەنینە ناوەختەکانی
فرمێسکە گەرم و گوڕەکانی
بەتاریکی نیشان دەدات

* * *

بۆ برسیەکان سێبەر زۆرکات دەبێت بە نان
دەبێت بە حەسانەوە و شوێنی پشوودان
بۆ عاشقێکی تینووی رۆخۆش
سێبەر رەنگ و نواڵەی جوانە
عاشق ووشەی بۆدەنوسێ
تاکو ئەویش لە تەنهایی رزگاری بێ

* * *

سێبەر هاوڕێیەکی کاتیە
زۆرجار لە ترسی هەتاو ،بە قینی دەوڵەمەند
روودەکاتە مەنزڵگایەک
تاکو چاوی هەژاران ببینێ ؟

* * *

سێبەر زۆر کات لەگەڵمانە
نازانین چۆن خۆشمان بوێت
کە تەنها بین دەیپەرستین
کە بووینە دوان لێی وون دەبین؟